# یاری یەکێتی و پارتی: دوو بە یەك بۆ پارتی

د.کەمال سەید قادر

سەیری یاری یەکی لەم جۆرە بکە حیزبێکی وەکو یەکێتی کەوا لە سەرەتای هەلگیرسانەوەی شۆڕشی کوردا لە لایەن ئەم حیزبەوە لە پاش نسکۆیەیەکەی سالی 1975 وە تا بەم دووایی یەش بە تەنها بەرەنگاری یەکێک لە دڕندەترینو بەهێز ترین هێزە سەربازی یەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ببوەوە وە هەزارەها پشمەرگە لە ڕیزەکانی ئەم حیزبە خۆیان لە پێناوی میللەتی کوردو ئامانجەکانی ئەم حیزبە بە شانازی یەوە شەهید بون کەوا دەتوانرێ ناو لەم حیزبە بنرێ یەکێتی شەهیدانی کوردوستان کەچی یەکێتی بەڕێز ئێستا هەرچی شەهیدان بە دەستیان هێنا بە سپی کراوی دایە دەستی پارتی کەوا لە ڕێگای پێچاو پێچی سیاسی توانی هەردو پۆستی سیادی سەرۆکی هەرێمی کوردوستانو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان بۆ خۆی گڕ بدات وە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردوستان کەوا پۆستێکی بێ دەسەلاتە بدا بە یەکێتی ئەگەر چی یەکێتی هەروەکو ئەنجامەکانی هەلبرژاردنە شارەوانی یەکان پشانی دەدەن زۆرینەی دەنگەکانی لە کوردوستان هێناوە وە پارتی دووەم حیزبە. ئایا ئەم یاری یە ناعادیلانەیە بەرامبەر بە چی کراوە؟ ئەگەر بەرامبەر بە پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بێت بۆ بەڕێز مام جەلال ئەوا دەتوانرێ بسەلمێنرێ کەوا ئەم پۆستە لەم کاتەی ئێستادا زیانێکی زۆر دەگەیەنێ بە میللەتی کوردو یەکێتی خۆیو کەسایەتی بەڕێز مام جەلالیش.

وە ئەگەرچی هاوولاتیانی کوردوستان بە زۆرینەی هەرە زۆریان پالپشتی یەکگرتنەوەی هەردو حکومەتیان کردوە وە بەردەوامیشن لەم پالپشتی کردنە وە نوسەری ئەم بابەتەش یەکێکە لەم هاوولاتیانە بەلام دەشبێ بوترێ کەوا چاوەڕوان دەکرا کەوا یەکتر گرتنەوەی هەردو حکومەت وە دابەشکردنی پۆستە سیادی یەکان لە کوردوستان دەبوایە لە سەر بناغەی عەدالەت بێت وە بە پێ ی هێزی ڕاستەقینەی هەر حیزبێک لە ناو میللەت.

من بە ناعەدالەتی دەزانم کەوا پارتی هەردو پۆستی سیادی واتە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردوستانو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگرێت وە یەکێتی لە گەل ئەم زۆرینەی کەوا لە نێو میللەت هەیەتی هیچ پۆستێکی سیادی وەرنەگرێت ئەمەش هەروەکو پرنسیپێکی عەدالەت وە لە پێناوی چەسپاندنی دیمکراسیەت لە کوردوستاندا وە مافی خۆشمانە ڕای خۆمان لە سەر چۆنی یەتی حوکمکردنی کوردوستان دەربڕین بە تایبەتی کەوا خەباتی میللەتی کورد لە پێناو عەدالەتو یەکسانی یە وە ئێمەی کورد زۆرینەی هەرە زۆرمان قوربانی قورسمان بۆ ئەم ئامانجانە پێشکەش کردوە.

جا بۆ ئەوەی ئەم چەند دێرەش نەبنە نا عەدالەتی یەک بەرامبەر هیچ یەکێک لە هەردو لایەنی یەکێتی و پارتی هەولدەدەم بەراوردێک لە نێوان سود و
زیانەکانی هەرسێ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردوستانو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکەم بۆ ڕنکردنەوەی زیاتر.

پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق:

1. ئەم پۆستە خەتەریاتی لە سەر ژیانی بەڕێز مام جەلال زۆرە بۆیە ئەگەر هەتا بێتو ئەم پۆستە پێشکەش بە بەڕێز مەسعود بارزانی بکرابایە ئەوا لەوانەیە هەر نەیوێرابا بڕواتە بەغدا چونکە ئەم پۆستە وا دەخوازێ کەوا سەرۆک کۆمار دەبێ بە بەردەوامی لە بەغدا بێت.
2. پۆستەکە بە گوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی کاتی تەنها بۆ چەند مانگێکە وە لە کۆتایی ئیمسال کۆتایی دێت.
3. مام جەلال بەم جۆرە لە کوردوستانو یەکێتی دوردەکەوێتەوە کەوا لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبونی ناهاوسەنگی یەک لە ناو یەکێتی وە هەتا هەڕەشەش لە پتەوی ڕیزەکانی یەکێتی بکات.
4. بە پێ ی مادەی 36 (ج) لە یاسای بە ڕێوەبردنی کاتی، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق کەوا پێک دێت لە سەرۆک کۆمارو دوو جێگری دەبێ هەمو بڕیارەکانیان بە کۆی ڕا(اجماع) بێت واتە هەرسێ ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی یەکسانن لە دەسەلاتا بەلام ناونیشنانی یەکێکیان سەرۆک کۆمارە وە هەر بڕیارێک دەربچێت بە ناوی ئەوەوە دەردەچێت وە سەرەک کۆمار لێ پرسراوەتی هەلدەگرێت.
5. بە پێ ی مادەی 37 هەمان یاسا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بۆی هەیە هەریاسایەک ڤیتۆ بکات کەوا لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسند کرابێت جا لە بەر ئەوەی پەرلەمانیش بڕیارەکانی خۆی بە زۆرینەی سادە دەردەکات وە ئیسلامی یەکان زۆرینەی ڕەهایان هەیە لە نێو پەرلەمانی عێراق ئەوا یاساکان لە وانەیە زۆریان بۆنی شەریعەی ئیسلامیان لێ بێت. جابۆیە مام جەلال کەوا دەبێ یاساکان ئیمزا بکات یاخود ڤیتۆیان بکات دەکەوێتە نێو دوو هێزی ڕقابەرەوە لە عێراقو دەرەوەش، هێزی عولمانی یەکانو هێزی ئیسلامی یەکان. ئەگەر یاسایەکی لەم جۆرە ڤیتۆ بکات ئەوا ئیسلامی یەکانی ناوەوەو دەرەوەی عێراق هێرش دەکەنە سەر کوردو مام جەلال وە ئەگەر پەسندیشی بکات ئەوا عولمانی یەکان بە لایەنگری ئەملاو ئەولای ناو دەبەن. جا خۆ وەکو کوردیش مام جەلال لە لایەن ناسیونالیستەکانی میللەتانی تری ناو عێراق هەزار

حیسابی بۆ دەکرێت. بۆیە ئەم پۆستە لە سەر ئێشە زیاتر  بۆ بە ڕێز مام جەلالو کورد هیچی تری تیا نی یە.

6. هەرچی بڕیاری لە سێدارە دان دەربچێ لە عێراق دەبێ بە ڕێز مام جەلال ئیمزای بکات کەوا بە هیچ جورێک لە گەل پایەی کەسایەتی یەکی شورشگێڕو پارێزەری وەکو بەڕێزیان ناگونجێت. هەندێک لەم بڕیارانە لەوانەیە ئەم هاوولاتیانە بگرێتەوە کەوا ئیسلامین یاخود ناسیۆنالیستن وە لە کاری توندوتیژی بە شداریان کردوە چونکە وایانزانیوە دژ بە داگیرکردن شەڕدەکەن یاخود لەوانەیە هەندێک لەم جۆرە کەسانە هەر هاوولاتی عێراقیش نەبن  جا بۆیە باشترە ناوی مام جەلال کەوا دەکاتە ناوی میللەتی لەم جۆرە مەسەلانە دور خرێتەوە چونکە لە سەرمان وەکو مێژوو تۆمار دەکرێت. ئەم کێشەیەی ئێستا لە عێراق هەیە زیاتر پەیوەندی بە کێشەی ئیسرائیلو عەرەبەوە هەیە وە لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندی بە میللەتی کوردەوە نی یە وە ئێمە وەکو میللەتێکی چواردەورگیراوی ناوچەکە دەبێ هەتا هەتایە لە گەل میللەتانی تری ناوچەکە بژین وە ئەمریکا ئەمڕۆ یا سبەی دەبێ وەکو هەمو داگیرکەرێکی تر ناوچەکە بە جێ بهێلێت جا بۆیە دوارۆژی ئێمە لە گەل برایەتی یە لە گەل میللەتەکانی تری ناوچەکە نەک لە گەل ئەمریکاو ئیسرائیل.

7. سەرۆک کۆمار ڕۆلێکی سەرەکی دەبینێت لە بەستنی ڕێککەوتنامە نێو دەولەتی یەکانی نێوان عێراقو لایەنە دەرەکی یەکان وە بە تایبەتی کەوا ئێستا ئەمریکاو بەریتانیا هەولدەدەن ڕێککەوتنامەیەکی لەم جۆرە لە گەل عێراق مۆر بکەن بۆ دامەزراندنی پێگەی سەربازی بەردەوام لە عێراقدا. جا لێرە لێ پرسراوی یەکە بەشی زۆری دەکەوێتە سەر ئەستۆی بە ڕێز مام جەلال وە هەرچۆنی بڕیار بدات لایەنەکی تر گوناهبارمان دەکات.

بە کورتی و کرمانجی هەر بڕیارێک زیان بگەیەنێ بە لایەنێک ئەوا دەتوانرێ بخرێتە ئەستۆی بەڕێز مام جەلالو میللەتی کورد کەچی هەرچی کاری باشیشە وەکو کردنەوەی پڕۆژەو دامەزراندنی خەلقو دابین کردنی ئاوو کارەبا بە ناوی حکومەتو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەکرێت چونکە مافی بڕیاردانو بودجە لە دەست ئەنجومەنی وەزیرانە.

من وەکو هاوولاتی یەکی کورد مافی ئەوەم هەیە لە پێناوی بەرژەوەندی درێژخایەنی میللەتی کورد داوا لە بەڕێز مام جەلال بکەم کەوا ئەرکی ئەم پۆستە بخاتە سەرشانی کەسێکی تر چونکە لایەنی خراپی ئەم پۆستە هەمومیللەتی کورد دەگرێتەوە وە  بە ڕای من باشترە

بەڕێزیان لە کوردوستان بمێێنێتەوە بۆ پەرە پێدانی ژیانی دیمکراسی لە کوردوستان تاکو سیستەمی تاکە حیزبی یاخود دکتاتۆری یەتی خێزانێک لە کوردوستان نەچەسپێت.

پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردوستانو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:

1. پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردوستان کەوا وا چاوەڕوان دەکرێت بە ڕێز مەسعود بارزانی خۆی بۆ کاندید بکات وە بە پشتگیری یەکێتیش بیباتەوە دەبێ یاسایەکی تایبەت لە لایەن پەرلەمانی نوێ ی کوردوستانەوە چۆنی یەتی هەلبرژاردنی و دەسەلاتی سەرۆکی هەرێمو ماوەی مانەوەی لە پۆستەکەیدا دیاری بکات. بەلام لە ئێستاوە دەتوانرێ بگوترێ کەوا پۆستی سەرۆکی هەرێم بە پێچەوانەی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ قۆناغی ڕاگواستنەوە بۆ چەند مانگێک نی یە بەلکو بۆ چوار تا شەش سال دەبێت وە خەتەریاتی زۆر کەمە جگە لەوەش چاوەڕوان دەکرێت کەوا یاسای نوێ ی پەرلەمان هەرچ ئەرکی بە سودو باش هەیە وەکو لێ بوردنی زیندانیانو خێرو خێراتو یارمەتی هەژارانو پێک هێنانەوەی خەلق هەیە بیداتە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردوستان وە پێگەی بە ڕێز مەسعود بارزانی لە نێو میللەت پتەو بکات لە گەل ئەم هەمو گیروگرفتەی کەوا لە گەل ڕابردوی خۆی هەیەتی.
2. پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وزیرانیش وا دیارە بۆ چوار سالە وە هەرچی کاری سود بەخش هەیە بە ناوی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت وەکو جێ بە جێ کردنی پرۆژە ئابوری یەکانو دروستکردنی نەخۆشخانەو ڕێگاوبانو قوتابخانە وە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بە دەستی خۆی مەقەسیان لێ دەدات وە دەیانکاتەوە بە تایبەتی ئێستا کەوا بودجەیەکی ئێجگار گەورە بۆ کوردوستان دانراوە وە بە ڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تەنها خۆی تێکەولێکەیان پێ دەکات وە بێگومان ئەمیش لە پێناو پتەوکردنی ڕۆلی حیزبەکەی خۆی بە کاری دێنێت وە پرۆژەش زیاتر لەم شوێنانە دەکاتەوە کەوا خەلقەکەی زیاتر مەیلی پارتی یان هەیە وە کاری حکومەت لە ڕاستیا دەبێتە پرۆپاگەندەیەک بۆ پارتی و بنەمالەی بارزانی.
3. هەر حیزبێک پۆستی سیادی لە جۆری سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ ببەخشرێت بە واتای دانان بە ڕۆلی سەرەکی ئەم حیزبەش لە ناو میللەت دێت کەچی لە حالەتی پارتی کارەکە پێچەوانەیە وە ئەم حیزبە پلەی دووەمی دەنگەکانی هێناوەتەوە کەواتە هەردو پۆستەکە بە ناحەق وەردەگرێت.
4. پارتی هەر هەمو هێزی خۆی بە کار دێنێت بۆ ئەوەی ئەم ڕۆلە سەرەکی یەی کەوا بە ناحەق پێ ی دراوە بۆ بەرژەوەندی حیزبی خۆیو دژ بە لایەنە سیاسی یەکانی

تر به کاری بێنێت وه لەم کارەش سەردەکەوێت چونکە ئەوەی کیسەی لە دەستبێت دەتوانێ خەلقێکی زۆریش بکڕێت.

5. بە پێچەوانەی هەردو پۆستی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پۆستی سەرۆکی پەرلەمان کەوا بە یەکێتی دراوە پۆستێکی سیادی نی یە وە لە دەرەوەی پەرلەمان هیچ رۆلێک ناگێڕێت وە هەتا لە ناو پەرلەمانیش تەنها کاروباری رۆژانەی ناو پەرلەمان رێکدەخات ئەگەرنا سەرۆکی پەرلەمان ئەندامێکی ئاسایی پەرلەمانە.

لێرەدا دەبێ بگوترێ کەوا نابێ گوناهی ئەم ناعەدالەتی یە لە دابەشکردنی دەسەلات بخرێتە ملی پارتی بە تەنها چونکە هەر حیزبێک هەولدەدات لە سەر حسابی حیزبو لایەنی تر دەسەلاتی خۆی پەرە پێ بدات وە سیاسەت هەردەم یاری مرۆڤی زیرەکە جا ئەگەر لایەنێک بتوانێ لایەنەکەی تر لە خشتە بەرێ ئەوا زیاتر گوناهی لایەنی لە خشتە براوە. من لێرە لەم باوەڕە نیم شتێک هەبێ ئێمە بیزانین وە بەڕێزان لە سەرکردایەتی یەکێتی نەیزانن بەلکو لەوانەیە زیاتر شتی تری شاراوە هەبێ کەوا ئەوان دەیزانن بۆیە خۆیان بەم جۆرە شلکردوە بۆ پارتی و بنەمالەی بارزانی ئەمەش دیسان ناحەقی یە بەرامبەر بە خەلقی کوردوستان چونکە ئێمە مافی ئەوەمان هەیە بزانین چۆن حوکم دەمرێین و بۆچی جۆرێک. ئەگەر یەکێتی خراوەتە ژێر پالەپەستۆی وولاتێکەوە بۆ نواندنی هەلوێستی وا نەرم ئەوا پێ ویستە بیزانین. ئەگەر مەسەلەکەش پەیوەندی بە ناوەخۆی یەکێتی وە هەیە ئەوا دەتوانم پرسیاری ئەوە بکەم ئایا تا چ رادەیەک دیمراسیەت لە ناو یەکێتیدا هەیە وە چۆن سەرکردایەتی یەکێتی ئالوگۆڕی لەم جۆرەی بە سەرا تێپەڕ دەبێت؟

مرۆڤ هەرچەندە بێ لایەنیش بێت ناتوانێ خۆی لە گۆڕانە بنەڕەتی یەکانی ناو کۆمەلگای خۆی دوورە پەرێز بگرێت چونکە ئەوەی لای هەمومان ئاشکرایە ئەوەیە کەوا ستراتیجیەتی پارتی داهێنانی سیستەمی تاکە حیزبی و دیکتاتۆری یەتی وراسی بنەمالەیە وە ئەم ئامانجەشیان کاتێک لەوانەیە بێتە دی ئەگەر گەورەترین رقابەر لە مەیدان نەمینێت ئەمیش یەکێتی یە وە پارتی بۆیە چاوەڕوانی رۆژێکە کەوا یەکێتی وەکو گولدانێک بکەوێتە خوارەوەو پارچە پارچە ببێت بۆیە چاوەڕوانی ئەم رۆژەیە کەوا ئەم دەستەی ئەم گولدانەی راگرتوە دەستی لەم گولدانە بەر بێت ئینجا ئێمەی کوردیش ڕوبەڕوی دیاردەی دکتاتوریەتی تاکە حیزبو مۆنۆپۆلی حوکمی وراسی خێزانێک دەبینەوە.
بۆیە هەریەک لە ئێمە دەبێ هەمو توانای خۆی بخاتە کار بۆ ئەوەی ژیانی فرە حیزبی یەکسانی لە دابەشکردنی دەسەلاتو داهات لە کوردوستان بچەسپێت جا ئەگەر حیزبێکی وەکو یەکێتی کەوا ئەم هەمو توانایەی هەیە نەتوانێ ئێستا یاخود رۆژێک لە رۆژان ئەم ئەرکە قورسە هەلگرێ ئەوا میللەت لەوانەیە ناچار بکرێت لە پێناوی ژیانی دیمکراسی و یەکسانی

**لە کودوستان بیر لە ڕێگای تر بکاتەوە. بە هیچ شوێوەیەک یەکێتی بۆی نی پالپشتی مۆنۆپۆلی حوکمکردنی خێزانێکی تایبەت بکات لە کوردوستاندا کەچی ئەم دیاردەیە و لە وولاتانی تر لە سەرتاپای جیهان لە پاشە کشێ یە.**

**بەلێ یەکگرتنەوەی هەردو ئیدارە شتێکی پیرۆزە بەلام دوو پۆستی سیادی بۆ مامو برازایەک؟ ئەم دیاردەیە تەنها لە دواکەوتوترین سیستەمەکانی حوکم هەیە وە ئەمیش ئێستا کەوتۆتە ژێر فشاری میللەتو کۆمەلگانی نێو دەولەتی کەچی لە کوردوستان تازە بە تازە ئەم سیستەمە دەچەسپێ.**